پۆلیسی وزەی عێراق: بەقاچاخبردنی نەوت بڕەژەی ٩٨٪ کەمی کردووە



بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی وزەی عێراق رایگەیاند، تەنها لەم مانگەدا دەستیان گرتووە بەسەر ٣٧ بارهەڵگری بەقاچاخبردنی نەوت و ٦١ تەمەتبارییشیان دەستگیرکردووە. دەشڵێت، بە قاچاخ بردنی نەوت بڕەژەی ٩٨٪ کەمی کردووە.

زافر حوسێنی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسی وزەی عێراق رایگەیاند، بڕدەوامن لە هەوڵکانیان بۆ ڕێگریکردن لە بەقاچاخبردنی سوتەمەنی و پاراستنی دامەزراوە نەوتییەکانی عێراق.
ئاماژەی بۆش کرد، تەنها لەم مانگەدا دەستیان گرتووە بەسەر ٣٧ بارهەڵگری بە قاچاخبردنی نەوت لەگەڵ شەش کەگا و بڕی ٩٧٢ هەزار و ٤٩٦ لیتر نەوت ، هاوکات، ٦١ تەماتبارییشیان بە تەمەتی بە قاچاخبردنی نەوت دەستگیرکردووە.

ئۆشی خستە ڕوو، لە ماوەی ساڵی ڕابردوودا توانیویانە دەست بگرن بەسەر ٧٢٩ تانکەر و بارهەڵگر و ١٠٩ کەگای نەوت لەگەڵ بڕی ٣٢ ملیۆن و ٩٧٢ هەزار و ٤٩٦ لیتر نەوت، هەروەها ٩٥٣ تەمەتبارییان دەستگیر کردووە بە تەمەتی بە قاچاخبردنی نەوت.

باسی لەوەش کرد، بە قاچاخبردنی نەوت بۆ ڕۆژئاوا ٩٨٪ کەمی کردووە و هیچ سەرپێچییەک لە بڕیارەکانیدا تێمار نەکراوە.